https://doi.org/10.26682/schjuod.2021.24.1.5

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:24، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 90-102، 2021 (ژمارەکا تایبەت)

کۆنفرانسێ زانستیێ نیڤدەولەتیێ دووێ ل دۆر جینوسایدێ، سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی

و سەنتەرێ جینوسایدێ - زانکۆیا دهۆك، 27-28- کانونا دووێ، 2021

# ڕەنگدانەوەی کۆمەڵکوژی کورد و میللەتانی تر لە کتێبی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان

ئیدریس سیوەیلی

پەیمانگەی راهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی سلێمانی، هەرێما کوردستانێ–عیراق

*((مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤکرنێ: 10 کانونا دووێ، 2021))*

## پوختە

**کۆمەڵکوژی میللەتان لە مێژوودا بە شێوەی جیاواز ئەنجامدراوە، بەڵام هەوڵی جۆراوجۆر هەیە و چەندین رێگا گیراونەتەبەر تا ئەو کارەساتانە لە داهاتودا دووبارەنەبنەوە، یەکێك لە دیارترین رێگاکانی ئاشناکردنی نەوەکانی داهاتوو بەو کۆمەڵکوژیانە بواری پەروەردەیە، لەناو پەروەردەشدا لە دووتوێی خوێندنی زانستە مرۆییەکان بابەتی کۆمەڵکوژی جێکراوتەوە، کۆی ئەو بابەتەش بە پلەی یەکەم بەو ئامانجەیە نەوەکانی داهاتوو بە شێوەیەك پەروەردە بکرێن مرۆڤدۆست بن و رێگربن لە دووبارەبونەوەی ئەو کۆمەڵکوژیانەی لە رابردوودا روویداوە. لە هەرێمی کوردستانیش لە قۆناغی بنەڕەتی بابەتە مرۆییەکان لە چوارچێوەی کتێبی کۆمەڵایەتی لە پۆلی چوار تا نۆی بنەڕەتی دەخوێندرێت، بەوپێیەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی لە رابردودا چەندینجار رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوەتەوە، پێشبینی دەکرێت لەو کتێبانەدا بابەتی کۆمەڵکوژی کورد و میللەتان بە گرنگییەوە باس کرابێت، تا نەوەکان بەو کارەساتانە ئاشنابکرێن.**

**لەبەر رۆشنایی ئەوەی باسکرا، ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ روونکردنەوەی رەنگدانەوەی بابەتی کۆمەڵکوژی و رۆڵی لە ئاشناکردنی نەوەکان بەو مەرگەساتانەی بەسەر میللەتاندا هاتووە، توێژەر دەخوازێت لە رێگەی وەڵامدانەوەی دوو پرسیارەوە ئەو ئامانجە بەدیبێنێت:**

**1- تا چ رادەیەك کۆمەڵکوژی کورد لە کتێبی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی رەنگیداوەتەوە؟**

**2- تا چ رادەیەك کۆمەڵکوژی میللەتانی تر لە کتێبی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی رەنگیداوەتەوە؟**

**توێژەر لە توێژینەوەکەدا رێبازی وەسفی بەراوردکاری و ئامرازی شیکردنەوەی ناوەرۆك (تحليل المحتوى) بەکارهێنا، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کۆمەڵکوژی کورد بە شێوەیەکی لاواز لە کتێبی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان رەنگیداوەتەوە، کۆمەڵکوژی میللەتانی تر لە کتێبی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی هیچ باسنەکراوە.**

**پێشەکیی**

**کۆمەڵکوژی میللەتان لە مێژوودا بە شێوەی جیاواز ئەنجامدراوە، بەڵام هەوڵی جۆراوجۆر هەیە و چەندین رێگا گیراونەتەبەر تا ئەو کارەساتانە لە داهاتودا دووبارەنەبنەوە، یەکێك لە دیارترین رێگاکانی ئاشناکردنی نەوەکانی داهاتوو بەو کۆمەڵکوژیانە بواری پەروەردەیە، لەناو پەروەردەشدا لە دووتوێی خوێندنی زانستە مرۆییەکان بابەتی کۆمەڵکوژی جێکراوتەوە، کۆی ئەو بابەتەش بە پلەی یەکەم بەو ئامانجەیە نەوەکانی داهاتوو بە شێوەیەك پەروەردە بکرێن مرۆڤدۆست بن و رێگربن لە دووبارەبونەوەی ئەو کۆمەڵکوژیانەی لە رابردوودا روویداوە. لە هەرێمی کوردستانیش لە قۆناغی بنەڕەتی بابەتە مرۆییەکان لە چوارچێوەی کتێبی کۆمەڵایەتی لە پۆلی چوار تا نۆی بنەڕەتی دەخوێندرێت، بەوپێیەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی لە رابردودا چەندینجار رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوەتەوە، پێشبینی دەکرێت لەو کتێبانەدا بابەتی کۆمەڵکوژی کورد و میللەتان بە گرنگییەوە باس کرابێت، تا نەوەکان بەو کارەساتانە ئاشنابکرێن.**

***ووشەکلیلیەکان:*** جینۆساید، کومەلایەتي، قوناغي بنیات.

## گرنگی توێژینەوە

کوردستان لە چەندین قۆناغی مێژوویی رووبەڕووی هەڵمەتی داگیرکاری و کاولکردن بووتەوە، بە تایبەت لە سەدەی بیست و لە باشووری کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراق لە سەردەمی بەعسییەکان، چەندین کۆمەڵکوژی ئەنجامدراوە، ئەو کۆمەڵکوژیانە و کۆی گشتیی رووداوەکان رەنگڕێژی بەشێکی مێژووی کوردستان دەکەن، لەسەر ئاستی جیهانیش چەندین گەل و نەتەوە رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە، کتێبەکانی خوێندن دەروازەیەکن بۆ

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:24، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتی وكومەلناسی)، بپ 90-102، 2021 (ژمارەكا تايبەت)
كۆنفرانسێ زانستيێ نيڤدەولەتيێ دووێ ل دۆر جينوسايدێ، سەنتەرێ بێشكچی بۆ ڤەكۆلينێن مرۆڤايەتی
و سەنتەرێ جينوسايدێ - زانكۆيا دهۆك، 27-28- كانونا دووێ، 2021

هێشتنەوەی ئەو ڕووداوانە لە یادگەی نەوەکانی داهاتوو، بۆیە گرنگە کتێبەکانی خوێندن بە جۆرێك ئامادەبکرێن ئەو ئامانجە بەدیبێنن، ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر کتێبەکانی خوێندن، زانیاریمان دەداتێ دەربارەی کارایی ئەو کتێبانە لە ئاشناکردنی نەوەکانی داهاتوو بە ڕووداوی کۆمەڵکوژی، هەر ئەمەش دیارترین گرنگی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

**کێشەی توێژینەوە**

کێشەی ئەم توێژینەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە توێژەر دەخوازێت کارایی کتێبی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان بخاتە ڕوو، لەو ڕووەوە کە ئەو کتێبە چەند توانیویەتی چوارچێوەیەکی مەعریفی بۆ نەوەکانی داهاتوو دروستبکات لەمەڕ بابەتی کۆمەڵکوژی کە بەسەر هاوولاتیانی کوردستان و گەلانی تردا هاتووە.

**پرسیاری توێژینەوە**

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوە، توێژەر هەوڵدەدات وەڵامی ئەم دوو پرسیارە دەستبخات:

1- تا چ ڕادەیەك کۆمەڵکوژی کورد لە کتێبی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی ڕەنگیداوەتەوە؟

2- تا چ ڕادەیەك کۆمەڵکوژی میللەتانی تر لە کتێبی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی ڕەنگیداوەتەوە؟

## ئامانجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەنگدانەوەی بابەتی کۆمەڵکوژی و ڕۆڵی کتێبی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی لە ئاشناکردنی نەوەکان بەو مەرگەساتانەی بەسەر کورد و میللەتاندا هاتووە، توێژەر دەخوازێت لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە ئەم ئامانجە بەدیبێنێت.

## ڕێبازی توێژینەوە

ڕێبازی توێژینەوەی سوودلێوەرگیراو لەم توێژینەوەدا، ڕێبازی وەسفییە، لەبەر گونجاوی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی واقیع وەکو ئەوەی هەیە، بە پشتبەستن بە کۆکردنەوەی داتا لەسەر بابەتی توێژراوە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی بابەتەکە و گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست، میتۆدی وەسفی لەوەدا کورتهەڵنایەت کە تەنها کۆکردنەوەی داتا بێت، بەڵکو ڕاڤە و شیکردنەوە، بڕیاردان لەسەر ئەو داتایانەش لەخۆدەگرێت کە کۆکراونەتەوە[1].

## ئامرازی توێژینەوە

ئامرازی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە، "شیکردنەوەی ناوەرۆك"ە، شیکردنەوەی ناوەرۆك شێوازی وەسفکردنی بابەتیی، ڕێکخراو و چەندێتی ناوەرۆکی فێرکردنە بەپێی چەند پێوەرێك کە پێشتر دانراون[2]. بەگوێرەی شیکردنەوەی ناوەرۆك، کتێبی خوێندن شیدەکرێتەوە بۆ پێکهێنەرە سەرەکیەکانی، بەوپێیەش بیرۆکەی بنەڕەتی لە شیکردنەوەی ناوەڕۆک دەبێتە دانان و خستنەپاڵیەکی بەشەکانی دەق: ڕاستی، چەمك، بیرۆکە، گوزارشت، وێنە، پەرەگرافەکان و هاوشێوەکانی بە پێی فۆرمێکی ئامادەکراو. چەندێتی هەریەك لەو پێکهێنەرانە دەرئەنجامی شیکردنەوەکە دیاریدەکرێت.

## سنووری توێژینەوە

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەق و وێنەکانی کتێبی (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان)ی پۆلەکانی (4-9) بنەڕەتی کە لە سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێن[3].

## پێناسەی چەمکەکان

چمکی کۆمەڵکوژی (جینۆساید):

چەندین پێناسە بۆ ئەو چەمکە کراوە، دیارترینیان پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە دەڵێت "کۆمەڵکوژی هەر کارێکە بە مەبەستی فەوتاندنی تەواوی یان بەشێکی کۆمەڵە مرۆڤێك بە هۆکاری ڕەگەز، ئایین، نەتەوایەتی و ئەتنی"، توێژەر ئەمە دەکاتە پێناسەی کارڕایی لەم توێژینەوەدا.

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە چەمك و مێژووی جینۆساید

زاراوەی جینۆساید (GENOCIDE) لە دوو برگە پێکهاتووە، یەکەمیان وشەی (GENOS)ی یۆنانی کە بە مانای رەگەز یان بنەچە دێت، دووەم وشەی (CIDE)ی لاتینی کە بە مانای کوشتن یان لەناوبردن دێت، پێکەوە بە واتای کوشتنی رەگەزی مرۆڤ، یا قڕکردن، یان کۆمەڵکوژی دەگەیەنێت[4].

بۆ یەکەمجار لە 1932 (راقیل لیمکین) جولەکەی بە رەگەز پۆلەندی لە کۆنفرانسێکدا لە مەدرید زاراوەی جینۆسایدی بە مانای فەوتاندنی رەگەز بەکارهێناوە و دواتریش لە 1944 بە نووسین تۆماری کردووە. بە بڕوای ئەو تاوانی جینۆساید کۆمەڵە کارێکە بە مەبەستی تێکدانی بنەما سەرەکییەکانی ژیانی کۆمەڵێکی نیشتمانی بە ئامانجی فەوتاندنی، ئەویش لە رێگەی تێکدانی دەزگای سیاسیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری، هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی[5].

چەندین شارەزا و کەسایەتی تریش پێناسەی ئەم چەمکەیان کردووە، (پیتەر دۆرست) وا پێناسەی کۆمەڵکوژی دەکات کە: تێکدانی بەئەنقەستی ژیانی تاکەکانی مرۆڤە بە پاساو و هۆکاری ئینتیمایان بۆ کۆمەڵێکی مرۆیی. بەڵام (ئیرڤینگ لویس هۆرۆویتز) پێیوایە کە کۆمەڵکوژی خاپورکردنی رێکخراوی بونیادی مرۆڤە بێتاوانەکانە لەلایەن دامودەزگای بیرۆکراتی سەر بە دەوڵەتەوە[6].

لە 8 کانونی یەکەمی 1948 بە کۆی گشتی دەنگی ئەندامان، دەقی رێککەوتننامەیەك لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کرا، کە بووە بنەمایەك بۆ قەدەغەکردن و لێپرسینەوە لەگەڵ بکەر و ئەنجامدەری تاوانی جینۆساید، رێکەوتنەکە لە 12 کانونی دووەمی 1951 چووە بواری جێبەجێکردنەوە[7]،رێککەوتنەکە لە پێشەکیی و نۆزدە بەند و پاشەکی پێکهاتووە، لە بەندی دووەمدا چەمکی جینۆساید پێناسەدەکات و روونیدەکاتەوە کە کۆمەڵکوژی هەر کارێکە بە مەبەستی فەوتاندنی تەواوی یان بەشێکی کۆمەڵە مرۆڤێك بە هۆکاری رەگەز، ئایین، نەتەوایەتی و ئەتنی، کە ئەم جۆرە تاوانانە لە خۆدەگرێت:

1- کوشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە.
2- زیانگەیاندنی زۆری جەستەیی و دەرونی ئەندامانی گرووپێك.
3- بە ئەنقەست و پلانبۆدارێژراو گرووپەکە لە دۆخێکدا دانرێت کە ببێتە هۆی فەوتاندن و تیاچوونی گرووپەکە هەمووی یان بەشێکی.
4- بەربەست دروستکردن بۆ منداڵبوون لە نێو گرووپێکدا.
5- راگواستنی بەزۆری منداڵی گرووپێك بۆ گرووپێکی تر[8].

هەر بەپێی پێناسی نەتەوە یەکگرتوەکان (1948) ئەم تاوانانە سزای لەسەرە:
1- کۆمەڵکوژی
2- پلانگێڕی بۆ تاوانی کۆمەڵکوژی.
3- هاندانی راستەوخۆ بۆ تاوانی کۆمەڵکوژی.
4- هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی
5- ئامادەسازی و کارئاسانی بۆ تاوانی کۆمەڵکوژی[9].

کۆمەڵکوژی چەند جۆری هەیە، کە دەکرێت بەم شێوەیە پۆلێنی بکەین:
1- کۆمەڵکوژی فیزیکی (جەستەیی): مەبەست لێی کوشتنی ئەندامانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو بەهەر جۆرێك بێت.
2- کۆمەڵکوژی بایەلۆجی: تەگەرەخستنە بەردەم پەسەرەندن و زیادکردنی رەگەزی و ژمارەی مرۆڤ لە ناو هەر کۆمەڵە مرۆڤێکدا بێت.
3- کۆمەڵکوژی کولتووری: مەبەست لێی قەدەغەکردن زمان، کولتوور، مێژوو، دابونەریت، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئایین و رۆشنبیری هەر نەتەوەیەك بێت.
4- کۆمەڵکوژی ئابووری: بە واتای برسیکردن و وێرانکردنی سەرچاوە و دەرامەتە ئابوورییەکانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو بێت بە ئامانجی قڕتێخستن یان راگواستنیان بێت لە نیشتمانی خۆیان[10].

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، دەیان وێستگەی ئەنجامدانی جێنۆساید بوونی هەیە، لێرەدا ئاماژە بە چەند وێستگەیەکیان دەکەین لەوانە: جینۆسایدی

گوڤارا زانكویا دهوك، پەربەندا:24، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 90-102، 2021 (ژمارەكا تایبەت)
كۆنفرانسێ زانستیێ نیڤدەولەتیێ دووێ ل دۆر جینوسایدێ، سەنتەرێ بێشكچی بۆ ڤەكۆلینێن مرۆڤایەتی
و سەنتەرێ جینوسایدێ - زانكۆیا دهۆك، 27-28- كانونا دووێ، 2021

هیندیە سوورەکان لە ساتی دۆزینەوەی کیشوەری ئەمەریکاوە دەستیپێکرد، یان هۆلۆکۆست کە جینۆسایدی جولەکەکانە ژمارەیەکی زۆریان لەلایەن نازییەکانەوە لێ کۆمەڵکوژکراوە، جینۆسایدی هێرۆشیما و ناکازاکی کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ئەنجامدرا لە جەنگی دووەمی جیهان، یان جینۆسایدی ئاشوریەکان لە عێراق کە سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن و لە سەرەتای ساڵانی سییەکاندا ئەنجامدراوە، جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی 1915 و دوای جەنگی یەکەمی جیهان، جینۆسایدی بۆسنیەکان، جینۆسایدی توتسی لە رواندا[11]،کورد و کوردستانیش بێبەش نەبووە لە جینۆساید، لە سەدەی بیستدا کورد تووشی شێوازی جۆراوجۆری جینۆساید بووە، لە 1925 بە هۆی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە و دەرئەنجامی سەرکوتکردنی شۆڕشەکە لەلایەن کەمالییەکان هەزاران کورد ئیبادە و ئاوارەبوون، ساڵی 1942 کۆمەڵکوژی تر لە دێرسیم روویدا، لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستانیش چەندین کۆمەڵکوژی ئەنجامدراوە، بەڵام لە باشووری کوردستان بەراورد بە پارچەکانی تر کۆمەڵکوژی زۆرتر دژی کورد ئەنجامدراوە[12]، کە دیارترینیان راگواستنی گوندەکان و کیمیابارانکردن و ئەنفالە.

لە 2008 پەرلەمانی کوردستان یاسای تایبەت بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی حکومەتی عێراق لە ماوەی دەسەڵاتی حیزبی بەعس کە دژ بە گەلانی کوردستان ئەنجامیداوە دەرکرد، یاساکە ئەم تاوانانەی وەکو جینۆساید ناساندووە: دورخستنەوەی کوردە فەیلییەکان لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو بۆ دەرەوەی عێراق و لێسەندنەوەی بەڵگەنامە لێیان، ئەنفالکردنی زیاتر لە هەشت هەزار بارزانی لە 1983، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە نێوان ساڵانی 1987- 1988 بۆ پتر لە هەشتا گوند، لەناوبردنی 182 هەزار کەس لە هەڵمەتەکانی ئەنفال، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە 1988، راگەیاندنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی عێراق بە ناوچەی سەربازی قەدەغەکراو لە نیشتەجێبون و ژیان تێیدا، لە سێدارەدانی رزگاربووانی چەکی کیمیایی، سووتاندن و رووخاندن و نەهێشتنی پتر لە 4500 گوند و شارۆچکە، گۆڕینی پێناسەی نەتەوەیی هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، گۆڕینی واقیعی دیموگرافی کوردستان بە گواستنەوەی هاووڵاتیان، کێشانەوەی ئیدارەکانی حکومەت لە کوردستان لە 1991 و بێبەشکردنیان لە خزمەتگوزاری و سەپاندنی ئابڵوقەی ئابوری بەسەر کوردستان[13].

**رەنگدانەوەی جینۆساید لە سیستمی پەروەردە و کتێبی خوێندن**

رێکخراوی یۆنسکۆ وەك رێکخراوێکی جیهانی تایبەت بە بواری پەروەردە و زانست، گرنگی بەرچاو بە کارەساتی هۆلۆکۆست کە جینۆسایدی جولەکەکانە لە جەنگی دووەمی جیهان دەدات، ساڵانە رۆژی (27 کانونی دووەم) یادی ئەو کارەساتە دەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی لە رێگەی بەستنی کۆنفرانس و بڵاوکراوەی تایبەت بەو کارەساتە بەشداری لە زیندوهێشتنەوەی لە زەینی نەوەکاندا دەکات[14]، هاوکات لە رێگەی هاوکاریکردنی وڵاتان لە کاتی دارشتنی سیاسەتی پەروەردەیی بابەتی هۆلۆکۆست دەبێتە بەشێك لە مەنهەجی خوێندن، لە رێگەی چەندین پرۆژەی تایبەت لە بواری پەروەردە گرنگی بە کارەساتی هۆلۆکۆست دەدرێت، بۆ نموونە: لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین پشتیوانی وڵاتانی کردوە کە بابەتی هۆلۆکۆست و کۆمەڵکوژی بخرێتە ناو مەنهەج و دەخوێندرێت، تورێك دروستکراوە لە 2014، نوێنەری چەندین وڵاتی ئەمەریکای لاتینی تیایە و لە رێگەی کۆبوونەوەی بەردەوامی تۆڕەکە بیرورا دەگۆڕدرێتەوە و پلاندادەرێژرێت بۆ گرنگیدانی زیاتر بەو بوارە. ئەمە وێڕای ئەوەی رێکخراوەکە گرتگی بە پاراستنی شوێنەوار و پاشماوەی ئەو کارەساتە دەدات لەو ناوچانەی تێیدا روویداوە[15].

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەرنامەیەکی چڕوپڕی تایبەت بە هۆلۆکۆست دانـاوە، لە رێگەی سایتی (www.un.org/holocaustremembrance، بەرنامەکە چەندین بابەتی هۆشیاری و

پەروەردەیـــی تـــایبەت بە هۆلۆكۆســـت لەخـــۆ دەگرێت[16].

پەیمـانگەی جـۆرج لـیكەرت بـۆ تـوێژینەوەی نێـودەوڵەتی. تـوێژینەوەیەكی دەربـارەی بـابەتی هۆلۆكۆست لە كتێبەكانی خوێندن (كتێبی مێژوو و بـابەتە كۆمەڵایەتییەكـان) لە 26 وڵاتـی جیهـان كردووە، توێژینەوەكە لەسـەر 89 كتێبـی خوێنـدن كە لە 26 وڵات لە ســــــاڵی 2000 بەدواوە دەخوێنـــدرێت ئەنجامـــدراوە، تـــوێژینەوەكە بەو ئەنجامە گەیشتووە كە خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەو مەنهەجانەدا هەیە لە تێڕوانینیان بۆ ئەو كارەساتە لە رووی: خستنەڕووی شـوێن و كـات، پێناسـەی چەمكەكـــان، شـــێكاری هۆكـــاری كارەســـاتەكە و چـۆنێتی كـاركردن بـۆ دووبـارەنەبوونەوەی. لە كۆتایی توێژینەوەكەشدا چەندین پێشنیار كراوە بـۆ پەرەپێـــدانی خوێنـــدنی بـــابەتی هۆلۆكۆســـت لە مەنهەجـــی خوێنـــدن، لەوانە: چەنـــد بـــابەت و رەگەزێـك بخـرێنە نـاو كتێبەكـانی خوێنـدن كە چارەســـــەری هەڵە تێگەیشـــــتن لە رووداوی هۆلۆكۆست بكـات و كەنـاڵی گفتوگـۆی زیـاتر بـۆ قوتابیان دەستەبەر بكرێت، دەرفەت برەخسێنرێت بـــۆ گەشـــەپێدانی كـــارامەیی شـــیكردنەوەی زانیارییەكان لە لایەن قوتابیانەوە تا لێكدانەوەیەكی دروست و رەخنەگرانە بۆ زانیارییە مێژووییەكان بكەن[17].

وەك پێشـــتر ئامـــاژەی پێـــدرا، كوردســـتان لە چەنـدین وێسـتگەیی مێژوویـدا تووشـی جینۆسـاید هاتووە، بەڵام گرنگە لێرەدا بپرسـین كـورد چەنـد گرنگـی بە زیندوهێشتنەوەی ئەو كارەساتە داوە؟ لە كتێبەكانی خوێنـدن چەنـد گرنگـی بە جینۆسـاید دراوە و نەوەكـانی داهـاتوی پـێ ئاشـناكراوە؟ بە بـڕوای (مـحەمەد حەمە سـاڵح تۆفیـق) تـا ئێسـتا نەمــــانتوانیوە لە پرۆگرامـــــی قوتابخــــانە و زانكۆكانماندا جینۆساید بە نەوەكانمـان بخـوێنین و نەهێڵـین ئەو مێـژووە رەشـە لایـان كـاڵ بێـتەوە، نـــاوبراو نمـــوونەی دەزگـــای ڤاشـــیم لەلابەن جـولەكەوە بـۆ بە زیندوهێشـتنەوەی هۆلۆكۆسـت دەهێنێـــتەوە، مۆزەخـــانە و دەزگـــای ڤاشـــیم لە ئۆرشـــەلیم (قـــودس)، دامەزراوەیەكە بـــایەخێكی زۆر گەورەی داوە بە پرۆگرامـــــی خوێنـــــدنی هۆڵۆكۆســـــت و خوێنـــــدنگەكە 17 هـــــۆڵی وانەوتـنەوەی تێـدایە و 100 مامۆسـتای پسـپۆڕی ئەم بـــوارە وانەی تێـــدا دەڵێـــنەوە و ســـاڵانە لە خولەكانی ئەم خوێندنگەیەدا زیاد لە 187 هەزار قوتابی قوتابخانە و زانكۆكان بەشدار دەبن، بێجگە لە 50 هەزار ســـەرباز و هەزاران مامۆســـتا و پەروەردەكـــار لە ئیســـرائیل و تێكـــڕای وڵاتـــانی جیهـــانەوە و بە هەشـــت زمـــان جـــگە لە عیبـــری وانەی تێـــدا دەخوێنرێـــت، بـــێجگە لەوەش مامۆستایانی پسپۆڕی ئەم خوێندنگایە دەنێـردرێنە دەرەوە، بـــۆئەوەی وانە بڵێـــنەوە بەو كـــۆمەڵگە جوولەكـانەی نیشـتەجێی ئەو وڵاتـانەن، هەروەهـا تیمێكـی پسـپۆڕانی خوێندنگەكە بەردەوام پەرە بە پرۆگرامـــی پەروەردە و خوێنـــدنی هۆڵۆكۆســـت دەدەن بۆ قوتابخانەكانی ئەو وڵاتە[18].

هەرچەنـــدە وەكـــو چوارچێـــوەی یاســـایی، پەرلەمانی كوردستان لە برگەیەكی یاسای تـایبەت بە جینۆسایدناساندنی تاوانەكانی حكومەتی بەعس داوا دەكـــات، بە ئامـــانجی هۆشـــیاركردنەوەی رۆڵەكـــانی كوردســـتان دەربـــارەی تـــاوانی كۆمەڵكـوژی و دروسـتكردنی پردێـك لە نێـوان نەوەكانی ئێستا و داهاتوو پێویستە پەرەبدرێت بە باتەكانی خوێندن سەبارەت بەو بـابەتە[19]، بەڵام لە واقیعدا تێبینی ئەوە دەكرێت ئەو گرنگیپێدانە بەپێی پێویست نییە. لە ساڵانی رابردوو هەوڵێك هەبـوو لە لایەن حكـــومەتی هەرێمـــی كوردســـتان و ژمـــارەیەك پەرلەمانتـــاری كـــورد لە بەغـــداد كە بابەتەكـانی كۆمەڵكـوژی كـورد لەوانە ئەنفـال و كیمیابیارانكردن بخرێنە ناو مەنهەجـی خوێنـدن لە عێراق، بەڵام تا ئێستا ئەو هەوڵە هیچ بەرهەمێكی ئەوتۆی نەبووە[20].

لە كـــۆنگرە و كۆنفرانســـەكانیش هەســـت بەو بۆشـاییە گەورە كـراوە كە لە مەنهەجـی خوێنـدنی هەرێمـــی كوردســـتان هەیە ســـەبارەت بە بـــابەتی جینۆســـاید، لە كـــۆنگرەی بەجیهـــان ناســـاندنی جینۆسایدی گەلـی كـورد كە لە كـانوونی دووەمـی 2008 لە هەولێر بەسترا، یەكێك لە راسپاردەكانی كـۆنگرە ئەوەبـوو كە بـابەتی ئەنفـال بخـرێتە نـاو مەنهەجـــی خوێنـــدن لە هەرێمـــی كوردســـتان[21]. هەروەك لە بەلاغـــی كۆتـــایی كۆنفرانســـی

''جینۆساید ...لە ناسنامەوە بۆ پڕۆژە'' یەكێك لە برگەكان هاتووە: داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین لەیادی هەریەك لە جینۆسایدەكانی كورد لە رێگەی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە كاتێك تەرخان بكرێت بۆ باسكردنی جینۆساید لەمەڕ ناساندنی بە نەوەی نوێ[22].

بە گشتیی هەست بە جۆرێك خەمساردی لە لایەن بەرپرسان و داڕێژەرانی سیاسەتی پەروەردە لە هەرێمی كوردستان دەكرێت سەبارەت بە رەنگدانەوەی جینۆساید لە كتێبەكانی خوێندن و ئاشناكردنی خوێندكاران بەو بابەتە گرنگەی مێژووی كوردستان، بە سەرنجدان لەوەی پێشتر خراوەتەڕوو، لە لایەن بەرزترین دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان كە پەرلەمانە داوا لە دەسەڵاتی جێبەجێكردن كراوە ئەو بوارە پشتگوێ نەخات، بەڵام لە واقیعدا تێبینی ئەوە ناكرێت ئەوە داوایە بە هەند وەرگیرابێت، ئەنجامەكانی ئەم توێژینەوەش رۆشنایی ورد دەخەنە سەر ئەو لایەنە.

**خستنەڕوو و شیكردنەوەی ئەنجامەكان**


لەبەر رۆشنایی پرسیاری توێژینەوە و پشتبەستن بە ئامرازی توێژینەوە، توێژەر شیكردنەوەی ناوەرۆكی بۆ سەرجەم كتێبەكانی كۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی (4-9) ئەنجامدا، بەپێی فۆرمێكی ئامادەكراو و ئەو بوارانەی كە لە رێككەوتنی نەتەوە یەكگرتووەكان ساڵی (1948) و یاسای پەرلەمان تایبەت بە جینۆساید لە (2008) ئاماژەی پێدراوە پۆلێن كران، هەڵبەتە رەچاوی ئەوە كراوە زۆرجاریش لە ئەدەبیاتی كوردیدا زاراوەكانی (قڕكردن، ئیبادە، رەشەكوژی، قەتڵوعام، قەڵاچۆكردن، فەناكردن، بەكۆمەڵكوشتن، تەفروتوناكردن، كۆكوژی، بۆ گوزارشت لە تاوانی جینۆساید لە سیاقی جیاواز بەكارهاتووە[23]، دواجار هەر راستی، چەمك، بیرۆكە، گوزارشت، وێنە و پەرەگرافێك ئاماژەبێت بۆ باسی جینۆساید لە فۆرمەكە تۆماركران، لێرەدا بەپێی پرسیارەكانی توێژینەوە ئەنجامەكان دەخەینەڕوو:

**پرسیاری یەكەم:** تا چ رادەیەك كۆمەڵكوژی كورد لە كتێبی كۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی رەنگیداوەتەوە؟

كتێبی كۆمەڵایەتی پۆلی چواری بنەڕەتی پێكهاتووە لە (84) لاپەڕە كە بەم شێوە دابەشكراوە: جوگرافیا (37) ل، مێژوو (30) ل، هاونیشتمانی (17) ل، توێژەر شیكردنەوەی ناوەرۆكی بۆ كرد، لە بەشی جوگرافیا ل (38) لە شێوەی پرسیار (كام شاری كوردستان كیمیاباران كراوە؟) باسی جینۆساید كراوە.، ل (40) هەمان بەش پەرەگرافێكی (6) دێری باس كاولكردنی گوندەكان و كیمیاباران كراوە، لە بەشی مێژوو لە ل (45) پەرەگرافێكی (5) دێری باسی بۆردومانی قەڵادزێ لەلایەن حكومەتی عێراق لە 1974 و شەهیدانی زانكۆ كراوە، لە ل (51) بە (3) دێڕ باسی كۆڕەو و (4) دێڕ باسی ئەنفال كراوە و وێنەی كۆڕەویش لە هەمان لاپەڕە دانراوە. ل (57) سێ دێڕ لەسەر كەركوك و سیاسەتی تەعریب و راگواستن و دەركردن باسكراوە، ل (60) وێنەی كیمیابارانی هەڵەبجە و كۆی لاپەڕەكە كە (10) دێڕ نووسینی تیایە تەرخانكراوە بۆ ئەو رووداوە.

لە كۆی گشتیی كتێبەكە (37) وێنەی جیاواز هەیە لەو ژمارەیە تەنها (2) وێنەی گوزارشتە لەسەر جینۆساید، سەبارەت بە دەقەكانیش، لە كۆی گشتی كتێبی كۆمەڵایەتی پۆلی چوار (32) دێڕ باسی كۆمەڵكوژی كورد كراوە، ئەگەر بە تێكرا هەر لاپەڕەیەك (5-6) دێڕ نووسینی تێدابێت، كەواتە لە كۆی (84) لاپەڕە (6) لاپەڕە لە كتێبی كۆمەڵایەتی پۆلی چوار تەرخانكراوە بۆ جینۆسایدی كورد، كە دەكاتە رێژەی (7%) شێوەی ژمارە (1) رێژەی تەرخانكراو بۆ بابەتی جینۆسایدی كورد لە كتێبی كۆمەڵایەتی پۆلی چوار دەخاتەڕوو.


**شێوەی ژمارە (1) ڕێژەی بابەتی جینۆسایدی کورد لە کتێبی کۆمەڵایەتی پۆلی چواری بنەڕەتی**




کتێبـــی کـــۆمەڵایەتی پـــۆلی پێـــنجەم (87) لاپەڕەیە، جوگرافیـــا (41) ل، مێـــژوو (31) ل، هاونیشتمانی (15) ل. لە بەشی جوگرافیا ل (28) لە شێوەی پرسیار بە دوو دێڕ باسـی کیمیاباری‌ـارانی هەڵەبجە کراوە، هیچ وێنەیەکیش بۆ گوزارشت لە جینۆساید لە کتێبەکەدا نییە، بەمەش وەك دەبینین قوتابی لە پۆلی پێنج لە شێوەی پرسیارێکی لاوەکی بە دوو دێڕ باسی جینۆسایدی کورد دەخوێنێت.

هەرچـی کتێبـی پـۆلی شەشـەمی بنەڕەتیـیە لە (168) لاپەڕە پێکهـاتووە، بەم شـێوە دابەشـبووە: جوگرافیا (61) ل، مێژوو (66) ل، هاونیشـتمانی (41) ل. لە بەشـــی جوگرافیـــا هـــیچ باســـێکی سەبارەت بە کۆمەڵکوژی تێدا نییە، بەڵام لە بەشی مێـــژوو لە دوو شـــوێن باســـکراوە، لە ل (111) پرســـیارێك دەربـــارەی مێـــژووی کیمیابیـــارانی هەڵەبجە و پرسیارێکیش دەربارەی ئەنفال کـراوە، لە ل (114) بە پەرەگرافێکی (6) دێڕی سیاسـەتی ڕاگوێزکردنـــی کـــورد لە لایەن کەمالیەکـــانەوە لە شۆرشـــی شـــێخ ســـەعید و ئیحســـان نـــوری پاشـــا باســـکراوە، لە بەشـــی هاونیشـــتمانیش ل (148) حەوت دێـڕ دەربـارەی خـاپورکردنی گونـدەکان و ئەنفـالکردن و کیمیابیـاران و دەرکردنـی کـوردە فەیلییەکان باسکراوە، ئەگەر کـۆی گشـتیی ئەوەی باســی جینۆســایدی کــورد دەکــات بە دوو لاپەڕە ئەژمـار بکەیـن ڕێـژەی (1.1%) کـۆی کتێـبەکە دەگـــرێتەوە، شـــێوەی ژمـــارە (2) ڕێـــژەی تەرخانکراوی لاپەڕەکانی کتێبی کۆمەڵایەتی پۆلی شەش بۆ بابەتی جینۆسایدی کورد ڕووندەکاتەوە.

**شێوەی ژمارە (2) ڕێژەی تەرخانکراو بۆ بابەتی جینۆسایدی کورد لە کتێبی کۆمەڵایەتی پۆلی شەش ڕووندەکاتەوە**





کتێبی کۆمەڵایەتی پۆلی حەوتی بنەڕەتی (196) لاپەڕەیە هیچ دەق و وێنەیەك باسی جینۆسایدی کورد ناکات، کتێبی پۆلی هەشتیش لە (208) لاپەڕە پێکهاتووە هاوشێوەی پۆلی حەوت هیچ دەق و وێنەیەکی دەربارەی جیۆنسایدی کورد تێدا نییە.

لە کتێبی پۆلی نۆ کە پێکهاتووە لە (282) لاپەڕە، جوگرافیا (111) ل، مێژوو (117)ل، هاونیشتمانی (54) ل، بەراورد بە ڤۆناغەکانی پێش خۆی زۆرتر باسی جینۆسایدی کورد کراوە، لە بەشی جوگرافیا ل (84) سەبارەت بە دابەشبوونی دانیشتوان پەرەگرافێکی (6) دێڕی باس لە سیاسەتی ڕاگواستن و سەرکوتکرنی کورد و کاریگەرییەکانی لەسەر گۆڕانی دابەشبوونی دانیشتوان دەکات. لە ل (89) دوو پەرەگراف (13) دێڕ باسی سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و کاریگەری لەسەر گۆڕانی دیمۆگرافی دەکات. ل (90) پەرەگرافێکی (7) دێری باسی سیاسەتی بەعەرەبکردن و سیاسەتی ڕەگەزپەرستی بەعس دژی کورد، ل (98) دوو دێر باسی کاریگەری کاولکردنی گوندەکان لەسەر دورکەوتنەوە لە چالاکیی کشتوکاڵی.


لە بەشی مێژوو ل (211) بە (4) دێر باسی سیاسەتی درندانەی بەعس دوای ئەنجامدانی یەکەم کودەتای سەربازی لە 1963 کراوە، ل (216) بە (5) دێر باسی سیاسەتی دراندانەی بەعس دوای 1963 و کاولکردنی کوردستان. ل (217) سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە لە سەردەمی عەبدوسەلام عارف بە دوو دێر باسکراوە، هەروەها ئاماژە بەوە دراوە کە عەبدوڕەحمان عارفیش لەسەر هەمان شت بەردەوام بوو. ل (220) بە پێنج دێر باسی سیاسەتی تەعریب لەلایەن بەعسیەکانەوە دوای بەیانی یانزەی ئازار کراوە، ل (222) پەرەگرافێکی (6) دێڕی لەسەر بۆردومانی زانکۆی سلێمانی لە قەڵادزێ و بەکارهێنانی بۆمبی قەدەغەکراو لەو هێرشە دڕندانەدا هەیە، ل (224- 225) هەمووی تەرخانکراوە بۆ باسکردنی سیاسەتی بەعس دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و کاولکردنی کوردستان، ل (226 – 227) لاپەڕە و نیوێك تەرخانکراوە بۆ ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان و تێیدا ئاماژە بە بڕیاری دادگای باڵای عێراق لە (2010) دراوە کە دەرکردنی کوردە فەیلییەکانی بە جینۆساید ناساندووە، ل (228) بە نیو لاپەڕە (11 دێڕ) سیاسەتی بەعس لە ماوەی جەنگی عێراق ئێران و

كاولكردنی كوردستان و كيمياييارانی هەڵەبجە و ئەنفال باسكراوە، ل (229) لە چالاكيی داوا لە قوتابيان كراوە بلاوكراوەيەكی سەر ديوار لە بارەی ئەنفال ئامادە بكەن، ل (230) دوو دێر باس لە كێشانەوەی دامودەزگاكان لەلايەن حكومەتی بەعسەوە لە تشرينی يەكەمی 1991 دەكات. ل (233) پرسيارەكانی بەشی حەوتەم پرسيار كراوە و داوا لە قوتابی كراوە پێناسەی ئەمانە بكات: سياسەتی بەبەعسيكردن: راگواستن، بەعەرەبكردن، ئەنفال.

بە گشتيی لە كتێبی پۆلی نۆ، (138) دێری دەربارەی جينۆسايد تێدايە، هەر لاپەڕەيەكی كتێبەكە (22) دێر نووسينی تێدايە، بەمەش بە هەمووی پێكەوە نزيكەی (7) لاپەڕەيە كە دەكاتە رێژەی (2.5%)ی كتێبەكە، شێوەی ژمارە (3) رێژەی تەرخانكراوی كتێبی كۆمەڵايەتی پۆلی نۆی بنەڕەتی دەربارەی جينۆسايدی كورد دەخاتەڕوو.




ئەگەر ژمارەی لاپەڕەكانی كتێبی كۆمەڵايەتی لە پۆلەكانی (4-9) كۆبكەينەوە، دەكاتە (1025) لاپەڕە، لەم ژمارەيەش (15) لاپەڕەی بۆ جينۆسايدی كورد تەرخان كراوە. كە دەكاتە رێژەی (1.4%)، بەمەش ئەوومان بۆ دەردەكەوێت كە كۆمەڵكوژی كورد لە كتێبی كۆمەڵايەتی قۆناغی بنەڕەتی بە شێوەيەكی لاواز رەنگيداوەتەوە، لە ماوەی شەش ساڵ كە قوتابی بابەتی كۆمەڵايەتی دەخوێنێت كە كۆی گشتيی لاپەڕەكان (1025) لاپەڕەيە، بەڵام لەو شەش ساڵەدا (15) لاپەڕە بابەتی جينۆسايدی كورد دەخوێنێت، لە كۆی كتێبەكانيش دوو وێنەی دەربارەی جينۆسايد تێدايە، ئەمەش لە چاو گەورەيی و گرنگی جينۆسايد زۆر كەمە، توێژەر تێبينی ئەوەشی كردووە ئەو رێژەش كەمەش كە باسی جينۆسايد كراوە بە شێوەيەكی گونجاو نييە كە گەشە بەلايەنی هزری قوتابی بدات، شێوەی ژمارە (4) رێژەی تەرخانكراو بۆ بابەتی جينۆسايدی كورد لە كۆی كتێبی كۆمەڵايەتی قۆناغی بنەڕەتی دەخاتە ڕوو.




دووەم: تا چ رادەیەك كۆمەڵكوژی میللەتانی تر لە كتێبی كۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی رەنگیداوەتەوە؟

بۆ دەستخستنی وەڵامی ئەم پرسیارە، توێژەر هەمان ئەو فۆرم و شێوازەی بۆ دیاریکردنی جینۆسایدی کورد پەیرەوی لێکردبوو بەکاریهێنایەوە، بەو پێیەش لە ئەگەری بوونی هەر راستی، چەمك، بیرۆکە، گوزارشت، وێنە و پەرەگرافێك ئاماژەبێت بۆ باسی جینۆسایدی گەلانی تر لە فۆڕمەکە تۆمار دەکرا، بەڵام لە تەواوی کتێبی کۆمەڵایەتی پۆلەکانی (4-9) بنەڕەتی هیچ باسێکی دەربارەی جینۆسایدی گەلانی تری تێدا نەبوو، بەمەش توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کۆمەڵکوژی گەلانی تر لە کتێبی کۆمەڵایەتی هیچ باسنەکراوە و رەنگینەداوەتەوە.

**دەرئەنجام**

لەم توێژینەوەدا ئەم ئەنجامانە لای توێژەر گەڵاڵە بوو:

1- بابەتی جینۆساید لە کتێبی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی بە شێوەیەکی لاواز باسکراوە.

2- بابەتی جینۆسایدی کورد لە کتێبەکانی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی لاواز رەنگیداوەتەوە و بەراورد بە گەورەیی کارەساتی جینۆساید و بابەتەکانی تر ناهاوسەنگی تێدایە.

3- بابەتی جینۆسایدی میللەتانی تر بە هیچ شێوەیەك لە کتێبی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی باسنەکراوە.

4- لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان و لە چەند کۆنفرانس و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش داواکاری هەیە بۆ خوێندنی بابەتی جینۆساید بە شێوەیەکی گونجاو، بەڵام دانەرانی مەنهیجی خوێندن و ورتریش بڵێین بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان رەچاوی ئەو خواست و داوایەیان نەکردوە.

## ڕاسپاردە

لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتەڕوو:

1- گەشەپێدانی کتێبی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەك بابەتی جینۆساید و بابەتە پێویستەکانی تر بە شێوەیەکی شایستە و هاوسەنگ تێیدا ڕەنگبداتەوە.

2- گەشەپێدانی کتێبی کۆمەڵایەتی لە ڕووی هونەرییەوە، بە شێوەیەك وێنە و چالاکییەکان یارمەتیدەر بن بۆ گەشەپێدانی هزری خوێندکار لە کۆی بابەتەکان بە گشتیی و بابەتی جینۆساید بە تایبەت.

## پێشنیار

توێژەر پێشنیار دەکات بە ئەنجامدانی:

1- توێژینەوەیەك لەسەر کتێبەکانی مێژوو و جوگرافیا لە قۆناغی ئامادەیی و ڕەنگدانەوەی بابەتی جینۆساید تێیدا.

2- توێژینەوەیەك دەربارەی کتێبی جینۆساید و مافی مرۆڤ لە قۆناغی ئامادەیی و کارایی لە وشیارکردنەوەی قوتابیان لەو بارەوە.

## پەراوێز

[1]محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: طرائق التدريس الفعال، دار صفا للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، 2011، ل55.

[2]محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: طرائق التدريس الفعال، دار صفا للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، 2011، ل55.

[3]کتێبەکان ئەمانەن: لیژنەیەکی وەزارەتی پەروەردە: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، چاپی چواردەیەم، 2018. وەیسی ساڵح حەمەدەمین و عومەر عەلی شەریف: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، 2017. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، چاپی چواردەیەم، 2018. لیژنەیەك: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، چاپی چواردەیەم 2018. لیژنەیەك: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، چاپی پانزەیەم، 2015. لیژنەیەك: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چاپی چواردەیەم 2018.

[4]هەژار عەزیز سورمێ: کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن، هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چەند ئاماژەیەکی نموونەیی لە کورتە لێتوێژینەوەیەکدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر 2006، ل20.

[5]مارف عومەر گوڵ: بارودۆخی کورد لە چەند بابەتێکی یاسای نێودەوڵەتاندا، چاپخانەی ڕوون، چاپی یەکەم، سلێمانی 2005، ل9-10.

[6]عبدالله جعفر كوفلي: الإبادة الجماعية في قرية كوريمي، دراسة قانونية وتاريخية، مركز دراسات الإبادة الجماعية جامعة دهوك، مطبعة خاني، الطبعة الاولى 2019، ل16.

[7]تەها سلێمان: جینۆسایدکردنی کوردستان، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی 2016، ل11.

[8]مارف عومەر گوڵ: هەمان سەرچاوە، ل28.

[9]عبدالله جعفر كوفلي: هەمان سەرچاوە، ل17.

[10]مارف عومەر گوڵ: هەمان سەرچاوە، ل17- 18.

[11]هەژار عەزیز سورمێ: هەمان سەرچاوە، ل31- 35.

[12]بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەژار عەزیز سورمێ: هەمان سەرچاوە، ل35- 41.

[13]وەقایعی کوردستان، ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (87)، ساڵێ هەشتەم، 2008/6/17، ل11- 16.

[14]ئینتەرنێت ( www.ar.unesco.org/commemorations/holocaustremembranceday).

[15]ئینتەرنێت (www.ar.unesco.org/themes/holocaust-genocide-education/action).

[16]بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە هۆڵۆکۆست بڕوانە: (www.un.org/holocaustremembrance).

[17]یونسکۆ: الوضع الدولي للتعليم بشأن الهولوكوست، مسح عالمى للكتب المدرسية والمناهج الدراسية، نسخة الكترونية 2015، نسخة الكترونية (www. en.unesco.org).

[18]محەمەد حەمە ساڵح توفیق: چۆن ئەنفال لە یادەوەریی نەوەکاندا جێ بکەینەوە؟، ئینتەرنێت (www. genocidekurd.com/ku/babati/7076).

[19]وەقایعی کوردستان، رۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (87)، ساڵێ هەشتەم، 2008/6/17، ل11-16.

[20]ئینتەرنێت، (www. previous.cabinet.gov.krd/a/d.aspx?l=14&a=47908).

[21]ئینتەرنێت، (www. previous.cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=010000&l=14&a=22548).

[22]ئینتەرنێت، (www. genocidekurd.com/ku/babati6582).

[23]هەژار عەزیز سورمێ: هەمان سەرچاوە، ل36.

## سەرچاوەکان

تەها سلێمان: جینۆسایدکردنی کوردستان، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی 2016.

عبدالله جعفر كوفلي: الإبادة الجماعية في قرية كوريمي، دراسة قانونية وتاريخية، مركز دراسات الإبادة الجماعية جامعة دهوك، مطبعة خاني، الطبعة الاولى 2019.

لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، چاپی چواردەیەم، 2018.

لیژنەیەك: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، چاپی چواردەیەم 2018.

لیژنەیەك: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چاپی چواردەیەم 2018.

لیژنەیەك: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، چاپی پانزەیەم، 2015.

لیژنەیەکی وەزارەتی پەروەردە: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، چاپی چواردەیەم، 2018.

مارف عومەر گوڵ: بارودۆخی کورد لە چەند بابەتێکی یاسای نێودەوڵەتاندا، چاپخانەی روون، چاپی یەکەم، سلێمانی 2005.

محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: طرائق التدريس الفعال، دار صفا للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، 2011.

محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: طرائق التدريس الفعال، دار صفا للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، 2011.

هەژار عەزیز سورمێ: کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن، هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چەند ئاماژەیەکی نموونەیی لە کورتە لێتوێژینەوەیەکدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر 2006.

وەقایعی کوردستان، رۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (87)، ساڵێ هەشتەم، 2008/6/17.

وەیسی ساڵح حەمەدەمین و عومەر عەلی شەریف: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، 2017.

یونسکۆ: الوضع الدولي للتعليم بشأن الهولوكوست، مسح عالمى للكتب المدرسية والمناهج الدراسية، نسخة الكترونية 2015، نسخة الكترونية (www. en.unesco.org).

ئینتەرنێت (www.ar.unesco.org/commemorations/holocaustremembranceday).

ئینتەرنێت (www.ar.unesco.org/themes/holocaust-genocide-education/action).

ئینتەرنێت: (www.un.org/holocaustremembrance).

محەمەد حەمە ساڵح توفیق: چۆن ئەنفال لە یادەوەریی نەوەکاندا جێ بکەینەوە؟، ئینتەرنێت (www. genocidekurd.com/ku/babati/7076).

ئینتەرنێت،

ئينتەرنێت، www. previous.cabinet.gov.krd/a) .(/d.aspx?l=14&a=47908

ئينتەرنێت، www. previous.cabinet.gov.krd/a) .(/d.aspx?s=010000&l=14&a=22548

ئينتەرنێت، .(6582www. genocidekurd.com/ku/babati)

## الابادة الجماعية للكرد والاقوام الاخرى في كتب الاجتماعيات المرحلة الاساسية في اقليم كوردستان

**الخلاصة**

**حدثت الابادة الجماعية بشكل مختلف في التاريخ، قامت الجهات المعنية على مستوى الدول والعالم بعض الاجراءات والتدابير لمنع حدوث الابادة الجماعية في المستقبل، احدى هذه التدابير هي ادخال مواضيع الابادة الجماعية في المقررات والمناهج الدراسية، وخلال هذا البحث، حاول الباحث تحليل واقع ونسبة تلك المواضيع فى كتب الاجتماعيات للمرحلة الأساسية بمدارس إقليم كوردستان.**

***الكلمات المفتاحية:*** الابادة الجماعية، الاجتماعيات، المرحلة الاساسية.

## GENOCIDE OF THE KURDS AND OTHER NATIONS IN SOCIAL (STUDIES) TEXTBOOK OF PRIMARY SCHOOLS IN KURDISTAN REGION

IDRIS SIWAYLI
Ministry of Education
Education Development Institute in Sulaimani, Kurdistan Regio-Iraq

**ABSTRACT**

**Historically, genocides took place in many different forms and international communities and many societies (nations) introduced some measures to prevent further genocides- from taking place -in the future. One of these measures is introducing genocide into school curriculums. Aim of introducing genocide into school curriculums is to familiarize the new generation with what genocide is, how it happens, and what could be done to prevent it from happing at anytime, anywhere, and against anyone. In Kurdistan Region, due to what had happened to Kurdish people in the past, the Ministry of Education pays a significant attention to the subject of genocide and introduces it into its school curriculums. Social textbooks from fourth grade to ninth grade familiarize students with genocide and teach them some practical ways to prevent it from happing. This research will analyze the presence of genocide of the Kurds and other nations in Social textbooks in the schools of Kurdistan Region and describe how they portray these genocides.**

***KEY WORDS:*** genocide, social books, primary stage